**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**
**ژمارەی دەرهێنـان : ٢١**
**ڕۆژی دەرهێنـان : ٢٠٠٣/٩/٢٧**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، ئەنجومـەن لـە دانیـشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/٩/٢٥)یـدا بڕیـاری بـە یاسـاکاری کردنـی ئـەم یاسـایەی خوارەوەی دا:

## یـاسـای ژمـارە( ٢١ )ی سـاڵی/٢٠٠٣

**ماددەی یەکـەم:**

ماددەی (١٥٦) لە یاسای سزاکانی عیراقیی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموارکراو لـە کـار دەخرێ و، ئەمەی خوارەوە، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا جێگای دەگرێتەوە:

(هەرکەسـێ بـە دەسـتی ئەنقەسـت و بـە هـەر شـێوەیەك دەبـێ، ببـێ لـە کارێکدا تێـوەگلێ بـە مەبەستی زیاندان لە ئاسایش و سەقامگیری و سـەروەریی دامودەزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتانی عێراق و ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئەو زیانە، بە بەنـدکردنی هـەتا هـەتا یـان بـە بەنـدکردنی کـاتی سزادەدرێت.

**ماددەی دووەم:**

لە ماددەی (١٥٧) ـەوە تا دەگاتە ماددەی (١٨٩) لە یاسای سـزاکانی عیراقیـی ژمـارە (١١١) ی ساڵی(١٩٦٩)ی هەموارکراو کـە تایبـەتن بـە جەریمـە گـەلی زیانبـەخش بـە ئاسایـشی دەرەوەی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردەخرێن.

**ماددەی سێیەم:**

لە ماددەی (١٩٠) ەوە تا دەگاتە ماددەی (١٩٥) و لە ماددەی (١٩٨) یشەوە تادەگاتە مـاددەی (٢١٩) لە یاسای سزاکانی عێراقیی ژمـارە(١١١)ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هـەموارکراو کـە تایبـەتن بـە جەریمەگەلی زیانبەخش بە ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەت، لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردەخرێن.

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چــوارەم:**

ماددەگــەلی (٢٢٨,٢٢٧,٢٢٥,٢٢٤,٢٢٣) لــە یاســای ســزاکانی عیراقیــی ژمــارە(١١١) ی ســاڵی (١٩٦٩)ی هــەموارکراو کــە تایبــەتن بــە جەریمەگــەلی دژ بــە دەســەلاّتی گــشتی، لــە هــەرێمی کوردستاندا لە کار دەخرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

ئــەم یاســایە لــە رۆژی دەرهێنانییــەوە دەخرێتــە بــەرکارو لــە (وەقــایعی کوردســتان) دا بــڵاو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نــوری شــاوەیس**
**ســەرۆکی ئە نجــومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی ـ عێــراق**

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com